**زانا سامان**

# له نێوان شیعرو شاعیریەتیدا فەزایەکی نادیار هەیە

بۆ ئەمجارە یەکێک لەو شاعیرانەی کە هەمیشە لە نێو دنیای فراوانی شیعردا خەریکی گەڕانە بەدوای ماناکانی عەشقدا. بە پێویستمانزانی زانا سامان بیدوێنین چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین

**پ/ تاچەند توانیوتە شاعیر بوونی خۆت بسەلمێنی؟**

و/ وەک ئەوەی بەڕێزتان پرسیاری لێوە دەکەن کە گوایە تاچەند توانیبێتم شاعیرێتی خۆم بسەلمێنم، بەڕاستی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوانەی خوێنەری شیعرەکانمن، بەڵام دەبێت ئەوەم لەیاد نەچێت لە نێوان شیعرو شاعیریەتیدا فەزایەکی نادیار هەیە ئەویش دەبێت خوودی ئەو کەسەی خۆی لە شیعردا دۆزیوەتەوە، بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی، یان بە شێوەیەکی دی پێموایە بەتوانایی لە شیعردا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چۆن بتوانین لە ڕێگەی شیعرەوە درک بەو نهێنیە بکەین کە بۆ ساتێک منالآنە دەمان ژەنێت و شاعیرانە دەمانوسێتەوە

**پ/ زۆرینەی شیعرەکانت گوزارشت کردنە لە عەشق مەبەستی سەرەکیت چیە؟**

و/ ئەوەشتەی بۆ هەمیشە لێناگەڕێت تاوێک بسرەوین عەشقە ئیدی لەهەر مەودایەک دابێت، بەڵام عەشقبوون لەلای من نوسینەوە یاخود گێڕانەوەی ئەو خەونە هەمیشەییە، دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کەبەردەوام دەمباتەوە بۆ تاوێک سرەوتن لە ژێر سایەی خودی عەشق چون لە نێوان بێزاری و خۆشبەختیدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ و فێرمان دەکات بەخۆیەوە لە هەموو شتەکانی تر بڕوانین، بەڵام زۆرجار دڵ بەرگەی ئەو ڕووانینە ناگرێت هاوشێوەی پەڕەی گوڵێک یاخود سوتانی باڵی پەپولەیەک، دەبێتە مەبەستێک یاخود پاڕانەوەیەک، کەبەو هۆیەوە لەشیعردا خۆی دەبینێتەوە

**پ/ چی وا لەتۆ دەکات خۆت بەنوسینی شیعرەوە خەریک بەکەیت؟**

و/ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیان، دەبێت ڕاشکاوابە بدوێم لەبەر ئەوەی پرسیارێکی وات کردوە، کە خۆدزینەوە یاخود بازهەڵدان بەسەر ئەو پرسیارەدا، دەبێتە هۆی دووبارە خۆدزینەوە لەو ڕاستیانەی لە ناخی هەر شاعیرێکدا بوونی هەیە، جابۆیە دەبێت بەوشێوەیەی باسم کرد بڵێم: دڵنیابە ئەو خەونەی لەناخمدایەو هەمیشە لە شیعردا نهێنیەکانی ناوەوەم درک پێدەکات هەرگیز نایەڵێت دابڕێم لەو وشانەی جوانیان تێدا دەبینم.

**ئا/ ڕۆژی گەل**





# مادۆنا گلەیی لە ڕاگەیاندن دەکات



مادۆنا گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەخنە باران کرد و بەوە تۆمەتباری کردن کە نایانەوێ خێرخوازان هاوکاری هەژارانی کیشوەری ئەفریکا بکەن.

مادۆنا لە دوایین سەردانی خۆی بۆ ئەو هەتیوخانەیەی کە لە وڵاتی مالاوی دایمەزراندووە ، منداڵێکی تەمەن ١٣ مانگی وڵاتی مالاوی وەک منداڵی خۆی پەسند کرد و بەمەبەستی چارەسەرکردن لەگەڵ خۆی بۆ بەریتانیای برد، لەو پێوەندییەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵمەتێکی نەشیاویان دژ بە مادۆنا دەست پێکرد ، ئەویش هێرشی کردە سەریان و ڕایگەیاند : ( هەڵمەتەکان بە مەبەستی دڵساردکردنی من دەستی پێکردووە ، پێیان ناخۆشە خێرخوازێک هاوکاری منداڵانی سێوی بکات ).

مادۆنا ڕەوشی منداڵانی ئەفریکای بە کارەسات ناوبرد و گوتی :( ئەوەی بچێتە ئەفریکا و چاوی بە منداڵانی هەتیو بکەوێ ، حەز دەکات یەکێک لە وان لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە و ژیانێکی باشتری بۆ دابین بکات ).

مادۆنا کاتێ داود (دێڤید)ی تەمەن ١٣ مانگی بینی و پێیراگەیەنرا کە لە نەخۆشی و سیل و مەلاریا دەربازی بووە ، بەڵام ڕەوشی ئاسایی نەبۆتەوە ، بڕیاری دا وەک منداڵی خۆی وەریبگرێ و چارەسەری یەکجارەکی بۆ بکات .

مادۆنا دەڵێ :(کاتێ داودم لە هەتیوخانە بینی ، نەمتوانی جێیبهێڵم، چونکە دەمزانی لەوێ وەکو پێویست چارەسەر ناکرێ، بۆیە بڕیارمدا بۆ چارەسەرکردن لەگەڵ خۆمدا بیبەم، کاتێ دوو منداڵەکەی دیکەم داودیان بینی زۆر خۆشحاڵ بوون ، بەدلۆڤانیەوە لە باوەشیان کرد ، ئیدی من بووم بە دایکی سێ منداڵ ) .

# ژنانی بارداریش وەرزش دەکەن



بۆ یەکەمین جار لە جیهان نەخۆشخانەی لە دایک بوونی شاری یانجینگی وڵاتی (چین) خولێکی وەرزشی بۆ ژنانی باردار کردەوە. ئەم خولە لەماوەی بارداریی بەڕێوەدەچێ ، مەرج ئەوەیە کە پیاوەکانیشیان لەگەڵیاندا بەشداری بکەن و بە جووتە وەرزش بکەن. پزیشکەکان لەو باوەڕەدان کە وەرزشکردن لە کاتی بارداریدا هەم ورەی ژنەکە بەرز دەکاتەوە، جومگەکانی حەوز نەرم و بەهێز دەکات و ئامادەکاری بۆ منداڵبوونەکەی دەکات، هەم هەست و سۆزی ژنەکە بەرانبەر مێردەکەی زیاتر دەکات و چالاکیش بە کۆرپەڵەی ناو سکی دەگەیەنێ .

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ



* عەرەبێکی کۆنە بەعسی لە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتدا گلەیی لە کاربەدەستانی بەغداد کردبوو کە کۆنە بەعسیەکان دوور دەخەنەوەو پلەو پۆستەکانیان لێ دەسێننەوە، بەڵام سوپاسی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانیان کردبوو کە ڕێز لە کۆنە بەعسیەکان دەگرن و پۆستی گەورەیان پێدەدەن.

* دەڵێن لە هەرێمی کوردستان ئازادی و دیموکراسی عەیار ٢٤ هەیە، مرۆڤ لە خۆڕاوە ناگیرێ و لە زیندانەکانیشدا ئازارو ئەشکەنجە نادرێ، لەوانەیە وابێ، بەڵام نازانم بۆچی چارەنووسی ئەو سەدان کەسە بێسەرو شوێنکراوانە دیاری ناکرێ کە لەماوەی شەڕی نێوەخۆدا گیران و نەدۆزرانەوە! ئایا ئەوانیش مرۆڤ نین و کوردستانی نەبوون ؟!

* سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری هەرێمی کوردستان لەلای حکومەتی بەغداد گلدراوەتەوە و دەبێ وەریبگرینەوە، لەو پێوەندییەدا هەژارێک دەیگوت : ئەدی چەند ملیۆن دۆلاری خەڵکی کوردستان لەلایەن حزبەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە ؟ ئاخۆ کەی وەردەگیرێتەوە ؟!

* جاران ئەگەر گومان لە کەسێک بکرابوایە دەیانبردە لای مەلا، سوێندی قورئان و تەلاقیان پێدەخوارد. ئێستا حزبەکانی کوردستان وا دەکەن، ئەگەر گومانیان لە ئەندامانی خۆیان هەبێ بانگی بارەگایان دەکەن، ئەگەر سەڵت بێ، دەبێ دەست بە قورئان دابدات!!، ئەگەر هاوسەردار بێ سوێندی تەلاقی پێدەخۆن !!.

# جەژنانەی کچانی پاکستان



پاکستانیەکان موسڵمانن و لەگەڵ موسڵمانان جەژن پیرۆز دەکەن ، بەڵام زۆربەیان ناوتوانن بەکامی دڵ جەژنانە بۆ منداڵەکانیان بکرن . بنەماڵە هەژارەکان، ئەوانەی توانای کڕینی جل و بەرگ و دیارییان بۆ کچەکانیان نیە ، هەوڵدەدەن بە نەخشاندنی دەستەوپەنجەیان دڵ خۆشیان بکەن و جەژنیان لێ پیرۆز بکەن . ڕاستیەکەی نەخشاندنەکە بە شێوازێک ئەنجام دەدرێ کە زۆر سەرنج ڕاکێشە و جێگەی دەیان دیاری دەگرێتەوە .



# کۆشکێک لە ئاسمانەوە

بالۆنێک کە لەسەر شێوەی کۆشکی ئۆنکس دروستکرابوو بەسەر شاری( بولێ )ی (bulle) هەرێمی فریبۆرگی وڵاتی سویسرادا هەڵفڕی، سەرنجی زۆربەی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەندێک پێیانوابوو لەخەودا کۆشکێکی هەڵفڕیو لە ئاسماندا دەبینن. ئایا ئەم بالۆنە سەرنجی ئێوەش ڕادەکێشێ؟.



ئایرۆنی

جەبار سابیر

# هاتەوە

زۆر کەس گلەیی ئەوە لە زمانی کوردی دەکەن کە هەر وشەیەک مانایەکی جیاواز لەو مانایەی هەیە کە ئاخێوەر بەکاری دەهێنێ لەدەمی ئاخاوتندا، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەروونییەو خودی ئاخێوەرەکە دروستیدەکات بەوەی هەمیشە بە وریاییەوە وشەکە بەکار دەبات و دواتر دەڵێ عەیب نەبێ یاخود بیلامانا، ئەم دوو وشەیەی دوایی وا لە گوێگر یاخود وەرگر دەکەن بیر لەوشەکە بکاتەوە کە بۆچی ئاخێوەر دەڵێ بیلامانا، بەم پێیەبێت مانایەکی خراپی هەیەو یەکسەر بۆ مانا خراپەکە دەگەڕێ. لەم ڕۆژانەدا لە کۆڵانێکەوە ڕۆیشتم ژنێک بە ژنێکی تری دەوت باشە ئێمە چوار ڕۆژە ئاومان نەهاتۆتەوە... خەریکە تەپوتۆز دەمانخوات، کەچی ژنەکەی تر دەیوت وەڵڵا ئێمە هەموو شەوێک چەند جارێک ئاومان دێتەوە. منداڵێکی ساختەچیش لە دەرگاکەوە سەری هەڵێناو وتی دەست بە حەنەفییەکە دابێنن ئاوتان دێتەوە. ئەم بەزمورەزمەی زمان سوچی سیاسەتە، چونکە سیاسەت تەحەکومێکی زۆری بەسەر زمانەوە هەیە، یەکێتی و پارتی زیاتر لە دووسەد وشەیان لەبەینی خۆیاندا سەقەت کردووەو پێیانوایە ئۆستادی زمانی کوردین کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب کراوەتە کۆمکاری عەرەب و پەیامنێر کراوەتە نێردراوو کەناڵی ئاسمانی کراوەتە سەتەلایت و مانگا کراوەتە چێڵ و کاتی خۆیشی لە دیگەڵە بەرپرسێک وتبووی ئەوەی لەم پاسەدایەو بە مانگا ناڵێ چێڵ سەر بەیەکێتییەو بادابەزێ. بابچینەوە سەر بەبەتەکەی خۆمان لە ساڵی شەست و سێوە کە عەول کەریمیان کوشت تاچەند مانگێکیش خەڵک هەردەیوت زەعیم دێتەوەو زەعیمیش کرم تێیدابوو، کە جەوهەر دۆدایفیشیان کوشت چیچانییەکان دەیانوت دۆدایف زیندوبۆتەوەو هەربزانە هاتەوە. لەدوای ئەوەوە وتیان جووتە برا (سەلام ئەورەحمان و) دێنەوە، ئەوەبوو سەدام هات و هاتەهاتی نەهێشت، دواتر کە ڕاپەڕین کراو حکومەتی کوردی دروستبوو خەڵک هەردەیوت حکومەت یاخود بەعس دێتەوە کە بەعس ڕووخا خەڵک ترسی هەبوو جارێکیتر بێتەوە، بۆیە دەیانوت بەخوا بەعس دێتەوە. ئێستا ژیانی خەڵک لەسەر هاتنەوەو نەهاتنەوە وەستاوە، ئەمساڵ نەوت دێت یاخود نا، ئەمساڵ باران دێتەوە یاخود نا، بایعەکە بێتەوە باشە، پاشان هەر ئێوارە دێت خەڵک هاوار هاواری لێهەڵدەستێ. کوڕم کارەبا نەهاتەوە..؟ نەوەڵڵا باوکە جاتۆ بڵێی بێتەوە؟ ئائا کوڕم دێتەوە، دایکە ئاو نەهاتەوە؟ نەوەڵڵا ڕۆڵە بەخوا چوار پێنج ڕۆژە ئاومان نەهاتۆتەوە. هەندێک وشە هەن لەهەموو زمانێکدا دەبنە پەنگ ئەوەندە بەکاردێن و خەڵک ڕقی لێیان هەڵدەستێ، لە زمانی کوردیدا حزب و حکومەت و پەرلەمان، نەوت، بەنزین، مەولیدە، کارەباو ئاو هاتەوە نەهاتەوە، ئەوەندە بەکار هاتوون و سودێکیان نەبووەو نایانبێ بۆیە ناشیرین بوون و بوونەتە پەنگی زەمانەو وابڕوات چەند ساڵێکی تر بەکارنایەن و ئیتر مورادیفی تر لە شوێنی ئەوان دروستدەبێت. کاتی شەڕی ناوخۆش پیاوێک بەرۆبێکەوە لە گەڕەکی ئازادی بەیانی زوو چووبووە نانەوایەک بۆ نان وەرگرتن بە سوکی بە ژنێکی وتبوو ئەرێ پارتی هاتەوە یان یەکێتی، ژنەش وتبووی جارێ بڵێ (بیلامانا) کابرا ئەم پرسیارە قوڕە چییە دەیکەی، لە دوێنێوە یەکی دووجار هاتوونەتەوەو دواتر ڕۆیونەتەوە.


cabardllopa@yahoo.com



ROJI GEL

**Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK**

*Mob:07701398499* *07301191497*

**ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١**

**پێگەی ئینتەرنێتی**
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

**پۆستی ئەلیکترۆنی**
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com